# ڕێگای کەمترین قوربانی!

**بەشدار عەلی**
Bashdar_net@yahoo.com

**بە پێچەوانەی ئەوانەی کە خۆیان هەمیشە لەنێو خەیالآتی پەرش وبلآویان نوقم بوونە, دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان و بەرەسمی ناسینی مافی هاولآتی یەکسان بۆ هەمووان, واقیعترین و کارسازترین و کەم مەترسیترین و کەم قوربانیترین ڕێگا ڕزگاری خەڵکی کوردستانە لەدەست پلەدوویی و ژێر دەستەیی و زوڵم و چەوساندنەوە, ئەوانەی کە کار بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە ناکەن و دەبنە ڕێگر لە بەردەم خەڵکی کوردستان ئەوانە هەمیشە نانیان لەسەر چەوساندنەوەو سەرگەردانی خەڵکەکەیەوە خواردووە, ئاوابوون و بابردنی ئەوان یەکسانە بە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سیکۆلار.**
**بەڵگەکان و ڕووداوەکانی سیٚ ساڵی ڕابردووی عێراق و کوردستان و ناوچەکە پێمان نیشان ئەدەن کە تەنها جیابوونەوەی کوردستانە دەتوانیٚ بەر بە دووبارە نەبوونەوەی هێرش و پەلاماردان و ئەنفال و جینۆسایدو تیرۆر و تۆقاندن بگرێت.**
**شانزدە ساڵە مێژووی ژیانی خەڵکی کوردستان لەرووی ئابووری و سیاسی و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی جیاوازە لەگەڵ بەغداو بەسرە, ئەمە جگە لە نقوم بوونی کۆمەڵگای عێراقی دوای سەدام لە گێژاوو بیٚ سەروبەرەیی و نەبوونی ئەمنیەتدا, لەگەڵ هەرەشە بەردەوامەکانی حکومەتی بەغدا کە لەسەر بنەمای تائفی و مەزهەبی و قەومی بنیاتنراوە لە خەڵکی کوردستان و کە ئەم حکومەتە ئەگەر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستیٚ لە ڕژێمی بەعس مامەڵەی باشتر نابیٚ لەگەڵمان,لەچەندین شوێنی تردا باسم کردووە تەسلیم کردنەوەی خەڵکی کوردستان بە حکومەتێکی لێواولێو لە گەندەڵی و تیرۆرو تەقاندنەوەو پشت بەستن بە سیاسەتەکانی ئەمریکا, گەورەترین هەڵەی دەسەلآتدارانی کوردستان بوو, زوو یا درەنگ. ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین دەبێت باجەکەی بدەین. پێویست ناکات سیاسی و ڕۆشنفکرو فەیلەسوف بیت تا لەمەبەست و ئامانجی سەرەکی و هاوپەیمانیەتی ئەمریکا لەگەڵ کوردستان تێبگەیت ئەمریکا لە بەمەبەستی بەرژەوەندی تاکرەوانەو سەرمایەداری خۆی بە هەزارەها کیلۆمەتری بڕیوەو دەیەوێت بەهێزترین دەسەلآتی لەناوچەکە هەبێت و زۆرترین قازانج کۆ بکاتەوە, نەگوێی بە کوژرانی سەربازە ئەمریکییەکان و جەرگ سوتاندنی دایك و باوکەکانیتیان, وە بەپێی گۆڕانی بارودۆخدا مامەڵە دەکات گویٚ بۆ هیچ هاوپەیمانی و ڕێکەوتنێك نادات. ڕاپۆرتەکەی بیکر – هاملتون باشترین بەڵگەی ڕستەکانی سەرەوەیە. پشت بەستن بە ئەمریکا و تێکەلآوی لەگەڵ حکومەتێکی ئیسلامی و تائفی لە ژێر ناوی (فیدرالیزم) کەتاکو ئەم ساتەش هیچ یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەم حکومەتە دان بەم فیدراڵیە نانێت, ئەمە کارێکی خەتەرناکەو قابیلی قبوڵ کردن نیە, هەر هەڵوێست و ڕەفتاری میلشیایی و تاکرەوانەی حکومەتی بەغدا لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان و مەسەلە چارەنووسسازەکانیخۆی نیشانەی پرسیارێکەو نابێت خۆمانی لیٚ بخەوێنین. ئێوە سەیرکەن پلانی نوێی بوش ئێستا لەسەر بنەمای گۆڕینی دەستوورو دابەش کردنەوەی دەسەلآتە, سەبارەت بە کوردستانیش لێسەندنەوەی ئەو دەسکەوتانەیە کە یەکێتی و پارتی دوایی پرۆسەکانی سیاسی و ڕێککەوتن بە دەستیان هێناوە لە عێراق , هەروەکو ناونەهێنانی فیدرالیزم و مەرکەزی کردنەوەی بەرهەمەکانی نەوت لە ژێر چنگ دەرهێنانی لە حکومەتی هەرێم و ناردنی پێشمەرگە بۆ باشوورو ئەمە جگە لە نەدانی چەندین دەرماڵەی تایبەت بە موچە خۆران و فەرمانبەرانی کوردستان.**
**ئەمریکا بە عەلەنی و ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی لەناوچەکە شکستی خواردووە ئەحزابی ناسیۆنالیستیش وەکو بەشێك لە سیاسەتەکەی دەبێت باجەکەی بدەن, ئەم شکستەی ئەمریکا لەلایەکی تر دەرگای ئاوەلآ کرد بۆ هەرەشەو ئامادەیی**

هێرشی سەربازی تورکیا لەژێر بەهانەی لێدانی پەکەکەو پاراستنی تورک زمانەکانی عێراق, کە ئەمەش گەورەترین و خەتەرناکترین هەرەشەیە بۆسەر خەڵکی کوردستان و دیسانەوە ماڵوێرانکردنیان. بۆیە گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکاو پشتکردنی لە کوردستان و هەرەشەکانی تورکیاو دەوڵەتانی تری ناوچەکەو رەفتارو هەڵوێستی حکومەتی بەغدا سەرباری خراپترین وەزعیەت لە بەغداو شارەکانی ترو گیرۆدەبوونی خەڵکی کوردستان بەچەندین کێشەی بنەڕەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی......هتد.دەبێت زەنگێکی بەهێزبێت بۆ دەسەلآتدارانی کوردستان و چیتر هەڵەکان لەبارنەبن بۆ دەست راگەیشتنی خەڵکی کوردستان بەژیانێکی ئارام و هێمن و پێداویستیە رۆژانەییەکان و دوورکەوتنە لە ستەم وهەلآوردن لەرێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە رێگای ریفراندۆمێکی سەرتاسەری لە کوردستان لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی تری پەیوەندیدار لە جیهاندا.

سەبارەت بەشاری کەرکوك و ناوچەکانی تریش بەهەمان شێوە دوایی دامەزراندن و بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی کوردستان لە رێگای ریفراندۆمێکەوە چارەنووسی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بەبیٚ ئەوەی ئاشوبی شەڕی قەومی لێبکەوێتەوە کە ئێستا خەریکە لە کەرکوك بەدی دەکرێت و وەزعیەتی خەڵکی تەواو شلەژاندووە.

سەرباری ئالۆزی و گرانی لە جێبەجیٚ کردنی کارێکی لەم شێوەیەو زۆری رێگریەکان کە منیش ئێستا لەبەرچاوی خۆمی ئەبینم, بەلآم مادامەکی ئێمە دەمانەوێت ماسی بگرین دەبێت لەشیشمان تەڕ بێت!, ئالۆگۆڕو رووداوەکان بەخێراییەکی یەکجار زۆردا گەزەردەکەهن پێویستە بەزووترین کاتدا کار بکەین. تەنها وتەنها دامەزراندنی دەوڵەتێکی وسەربەخۆی غەیرە قەومی دەتوانیٚ بەر بە دووبارە نەبوونەوەی ئەنفال و کیمیاباران و گۆری بەکۆمەڵ و گوللەباران کردن و ترس وتۆقاندن و رفاندن و زوڵم وستەم و نایەکسانی و پلە دووبی و سەرگەردانی و ماڵوێرانی دەربەدەرییەکان بهێنی.